## سیاسەتی ترساندن بەردەوامە

کۆنەپەرستیی و کارکردن دژ بە خەڵک لە سی ساڵی لەسەر کاربووندا کۆماری ئیسلامیی ئێرانی گەیاندووەتە ترۆپکی قەیران. پاش سی ساڵ لە خۆداسەپاندنی کۆنەپەرستانە و لە تێکەڵاویەک لە دیکتاتۆری مەزهەبیی و دەستەڵاتی کەمینە و سەرمایەداریەکی ناپیشەسازیی عەدالەت نەخواز، هەمووان، تەنانەت داروودەستەی بازنەی یەکەمی دەورووبەری ئەو ڕژیمە، حاڵیی بوون کە نە ئیسلام دەیانگەیەنێتە بەهەشتی بەڵێندراو و نە مەزهەبی شیعە مەهدیەکی فریادڕەسیان بۆ دەهێنێت.
خەڵکی ئێران، بەتایبەتی گەلانی بندەستی وەکوو کورد و بەلوچ کە هەر زۆر لە دەستەڵاتەوە دوورن، تێدەگەن کە دەستەڵاتێکی کەمینەی کۆنەپەرست کە گەمە بە مەزهەبی شیعە دژ بە بالانسی سایکۆلاریزم لە ئێران دەکەن، ناتوانن هیچ جۆرە خۆشبەختیەک بۆ گەلانی ئێران فەراهەم بکەن.
بە پێچەوانەوە، قەیرانی سیاسیی حوکمەتی شا و سەڵتەنەتخوازان، لە ماوەی سی ساڵی ئاییندەدا قووڵتر بووەتەوە. لەو بەراووردەدایە کەسانی ناسیاسیی لە دژایەتی جمهوری ئیسلامیی ئەوڕۆدا خۆزگە بە ڕابردوو دەخۆن. ڕابردوو کەمتر تاڵ بوو، ئێستا فرە تاڵتر و سەختترە.
بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و بەرهەمی بژێوی پێویست، بۆ نموونە زیادبوونی نرخی گۆشت بۆ ئاستی نەتوانینی کڕین و خەون پێوەبینین، بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و بەنزین لە وڵاتێکدا کە دووهەمین سەرچاوەی نەوتی جیهانی هەیە و کە نرخی نەوت زۆر لە سەروو سەد دۆلارەوەیە و تا ئێستا بۆشکەی لە ١١٥ دۆلار کەمتر نییە، کە وزەی ئەلەتریک بەش ناکات و دەوڵەت دەستی کردووە بە کەمکردنەوەی ئەلەتریک بە لانی کەم دوو سەعات لە ڕۆژدا لە کاتێکدا کە هەم ئاستی ئاو نزمە و هەم پلەی گەرما لە جاران بڵندترە، هاوکات بێخەمیی و بێدەربەستییەکی زۆر بەرانبەر بە ژینگە و تەسلیمکردنی بە چارەنووسی خودانووس، بەشێکی بەرچاو و ڕوونن لە سیاسەتی ڕۆژانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و گەلانی ئێران ڕۆژانە خۆیان ژیانی تێدا دەکەن.
لە ناوەڕاستی ئەم قەیرانەدا مەحمود ئەحمەدی نەژاد و دەستودایەرەی ئەو لە خۆگێڤکردنەوە و خۆهێنانوبردنی پەیداکردنی هێزی ناوەکین و لە هەڵپەی ئەوەدان، سەرەرای هەموو ئەو سیاسەتەی دەیبینین، بیسەلمێنن کە ئەوان وزەیەکی ئاوایان بۆ کاری سڤیل و ئابووریی دەوێت و تەمای چەکی ئەتۆمییان نییە.
لە ناو ئەم گێژاوەدا دیارە کچان و کوران و پیاوان و ژنانی ئێران، لەوانە گەلی کورد کە هەرووەها چەوسانەوەی نەتەوەییشی لەسەرە، بێگومان خوازیاری خەبات و بەرەنگاربوونەوە دەبن.
لەو کارەدا تا ئێستا هەر ڕۆژنامەوان و کەسانێکی چالاک لە بواری نووسیندا بە ئاستەم پێی بە بەرژەوەندی خەڵک و ڕای گشتیی بزوێنێت ڕاستەوخۆ بەرەو زیندان ڕاپێچی دەکەن و بێ هیچ جۆرە دادگایەک ئەشکەنجە دەدرێن و دەخرێنە ژێر فشارەوە و پاشان تیرباران دەکردرێن.
کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەستی بە خوێنی گەلی کورد سوورە و لە پیلانی بەردەوام دایە بۆ زیاتر خەفەکردن و ڕێگالێگرتنی گەلی کورد مەیلی زۆرە بەو شێوەیە ئازادیخوازانی هۆشیار و چاوکراوەی کورد بترسێنێت.
هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دەدرێن و بە شێوەیەکی دڕندە دەکوژرێن، هەروەکوو قوربانیان و گیانفیداکارانی پێشوو، ئەوانەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وایە دەیانکات بە نموونەی ترساندن و تۆقاندن. سەرئەنجام تەما بێدەنگکردن و خەفەکردنی گەلی کوردە.
ئێمە وەک پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەلات) سەرەرای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە داگیرکاری خاک و وڵاتمان دەزانین و بە بکوژی نەتەوەی خۆمانی دادەنێین، پێمان وایە زەرەری گەورە لە گەلانی ئێران دەدات و بە هۆی سیاسەتی پەرت بکە و زاڵبەی خۆیەوە زیاتر و زیاتر دەبێت بە هۆکاری

لەیەکدوورخستنەوەی نەتەوەکانی ئێران، نەک نێزیککردنەوەیان. هەروەها لە ترسی لەکیسچوونی دەستەڵاتی سیاسیی تا دێت زیاتر توورەیی کۆنەپەرستیی دەیگرێت و زیاتر خەسڵەتی دڕندەیی پەیدا دەکات.
ئێمە بە توندی مەحکومی هەموو ئەو کارە دزێوانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین و شەرمەزاری دەکەین.
ئێمە بە هەموو شێوەیەک پشتگیریی لە قەلەمی ئازاد و سەربەخۆ دەکەین و هەموو ئەوانە بە تاوانبار دادەنێین کە لە پشت هەر جۆرە بیانوویەکەوە دژ بە بیر و دەربڕین و ڕاگەیاندنی ئازادن.
لە هەر شوێنێک قەڵەم و دەستی قەڵەمی تێدا بشکێندرێت، لە هەر شوێنێک هەستی مرۆڤ بۆ دەربڕین و خۆبەیانکردنی تێدا خەفە بکردرێت، لە هەر شوێنێک هەوڵی دەستەمۆکردنی مێشکی مرۆڤ بدرێت، لە هەر شوێنێک خودا و پێغەمبەر و مەزهەب و دەستەڵات و کولتور و نەریتی باو دەکردرێن بە چەکی سانسۆر و دادەسەپێندرێن، ئەو شوێنە دۆزەخە و دوور لە هەستی مرۆڤایەتیی و شادی مرۆڤایەتییە و ئێمە تا سەر ئێسک و تا دوا هەناسەمان دژایەتی دەکەین و لە سەنگەری لێدانیدا دەبین.
ئێمە وێرای سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی ئەوانەی وا گیانیان لێدەسەندرێت بەڵێنی سەنگەربەستنی دژ بە کۆنەپەرستیی دەدەین.

بژی دەنگ و دەربڕین و قەڵەمی ئازاد،
بژی دەنگ و خەباتی ئازادیخوازیی
بمرێت کۆنەپەرستیی و قەڵای خورافات و دڕندەیی

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
٢٠٠٨/٨/١٠